

کـــــەرکـــووك ... هۆنراوەی شالاّو

ئەگەر گـــیانم

لـەڕۆژانی سەخـتی ئەنفالّ

نەبەخشی  بە کـــۆرپەیەکی  زیندە بەچالّ

ئەگەر دلّـــــــم

بۆ زامی قووڵی هـــەڵە بجە

نەتـــوایەوەو نەبوو بە ئـــاو

بۆ پەیکــــەری عومەر خاوەر

نەبووم بە یەك تیشکی هـــەتاو

ئەگـــەر سەرم

لـــەڕۆژانی  پێشمەرگەدا

نەکرد بە قوربانـــی چیا

نەبووم بەهەڵـــۆی بەرزە فڕ

لەئاسمانی هەمـــوو دونیا

ئەگــــــەر خـوێنم

نەکرد بە خـــەنە بۆ پە نجەی

دەزگـــیرانم ... کاتێ کە ئەو تازە بووکە

ئەوە خـــوێنم ...ئەوە سـەرم

ئەوە گیانم  ... ئەوەش دلّـــم

بەقوربانی ... بابە گـــوڕ گـــوڕ و کـــەرکـــووکە    .

www.shallaw.info.se